گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
DOI: https://doi.org/10.26750/ktjcc821

ڕێـکەوتـی وەرگـرتـن: 20/10/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 21/12/2025
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 20/06/2026

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0

# بۆچونی خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون

**ریکەوت میرویس حسین[1]** **ارام انور خورشید[2]**

Rekawt.hussin@univsul.edu.iq Aram.anwar@garmian.edu.krd

١.بەشی جوگرافیا، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان سیدصادق، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان عێراق

٢.بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان عێراق

**پوختە**

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییبو لە دەرخستنی بۆچونی خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون. لەم توێژینەوەیەدا شێوازی وەسفی شیکاری و ڕێبازی چەندایەتی بەکارهێنراوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتوە لە (١٦٠) خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی بەشی وێژەیی و زانستی لە هەردو ڕەگەزی نێر و مێ لە ناوەندی قەزای سیدصادق کە بەشێوەی نمونەی هەڕەمەکی سادە وەرگیراون. ئامرازی توێژینەوەکە بریتییبو لە فۆرمێکی ڕاپرسی کە توێژەران هەستاون بە دروستکردنی و بە پێوەری (لیکرت)ی پێنجی ڕێکخراوە کە هەریەک لە بژاردەکانی (بەهەمیشەی، بەزۆری، هەندێ کات، بەکەمی، هیچ کاتێك) لەخۆدەگرێت. بۆ شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەڕێگەی نمونەی توێژینەوەکەوە دەستیانکەوتون توێژەران پەنایان بردوەتەبەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تی بۆ دو نمونەی سەربەخۆ Independent-Samples T.test لە بەرنامەی SPSS 26. توێژینەوەکە لە کۆتاییدا گەیشتوەتە چەند ئەنجامێک لەوانە: سەبارەت بە ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بونی هەیە لە بەرژەوەندی گۆڕاوی ڕەگەزی مێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی ڕەگەزی مێ پاڵنەری فێربونیان زیاترە، هەروەها تایبەت بە ئامانجی دوەم جیاوازی بەڵگەداری ئاماریی بونی هەیە لە بەرژەوەندی گۆڕاوی بەشی زانستی، سەبارەت بە ئامانجی سێیەم توێژینەوەکە ئەوە دەردەخات کە خوێندکاران بەبێ جیاوازی لە ڕەگەز و بەش پاڵنەری دەرەکییان زیاترە لە پاڵنەری ناوەکی، سەبارەت بەئامانجی چوارەم زانینی پاڵنەری فێربونی خوێندکاران لە ئاستێکی بەرزدایە.

**کلیلە وشەکان: پرۆگرامی خوێندن، پاڵنەر، پاڵنەری فێربون.**

# The perspectives of twelfth-grade students on the role of the academic curriculum in fostering learning motivation

**Rekawt Mirwais Hussein[1]** **Aram Anwar Khursheed[2]**
1.Department of Geography, College of Humanities Education, Said Sadiq, Sulaimani University, Kurdistan Region, Iraq.
2.Department of Social Sciences, College of Basic, Garmian University, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract**

The aim of this study is to examine The perspectives of twelfth-grade students on the role of the academic curriculum in fostering learning motivation. A descriptive–analytical design with a quantitative method was employed. Initially, the relationship between the role of curriculum and students' learning motivation was investigated theoretically. The sample of the study consisted of 160 twelfth-grade students, from both the scientific and literary branches and of both sexes, Simple Random Sampling from the center of Said Sadiq District. The research tool was a questionnaire designed by the researchers according to a five-point Likert-type scale (1 = Always, 2 = Often, 3 = Sometimes, 4 = Rarely, 5 = Never), used to analyze the data obtained from the sample. The researchers applied the independent-samples T-test in SPSS (version 26).

The study reached several outcomes. Concerning the first aim, a statistically significant difference was found in favor of the female variable, indicating that female students had higher learning motivation. Regarding the second aim, a statistically significant difference was found in favor of the scientific branch variable. Finally, with respect to the third aim, the study revealed that students' external motives were stronger than their internal ones, regardless of sex or branch, Regarding the fourth objective, the findings indicate that students' learning motivation is at a high level.

**Keywords: curriculum, motivation, learning motivation.**

## بەشی یەکەم: ناساندنی توێژینەوەکە

### گرفتی توێژینەوەکە

بۆ ئەوەی فێربونێکی کاریگەر لای خوێندکاران دروستبکرێت، هۆکارە جۆراوجۆرەکان شانبەشانی یەکتر دەڕۆن، یەکێک لەو هۆکارەکانە پاڵنەری فێربونە، لەگەڵ ئەوەشدا یەکێک لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە کاریگەری بەسەر هەمو چالاکی و بابەتەکانی ناو پۆل و قوتابخانە هەیە، پرۆگرامی خوێندنە. ئەمەش پەیوەستە بەبونی سیستەمی پەروەردەیی چالاک و کاراوە .پاڵنەر گۆڕاوێکیترە کە کاریگەری لەسەر فێربون هەیە. پاڵنەر، وەک یەکێک لە گرنگترین مەرجەکان بۆ فێربون،

یەکێکە لەو بوارە سۆزدارییانەی کە لە پەروەردەدا باسی لێوەدەکرێت و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەستی گشتییەوە هەیە بەرامبەر بە فێربون، ئەو خوێندکارانەی کە پاڵنەرێکی بەرزیان هەیە خولیای فێربونیان نیشانداوە، ئارەزوی فێربونیان هەیە، ئارەزومەند، بەپەرۆش، جدین و بە ئاسانی بەسەر ئاستەنگ و کێشەکاندا زاڵ دەبن و دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و کاتێکی زیاتر بە خوێندن و ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانەوە بەسەر بەرن، بەگشتی تیۆرییەکانی پاڵنەر یەك دەنگن لەسەر ئەوەی کە پاڵنەرەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕۆڵ و ئەدای خوێندکاران هەیە. زانین و بەکارهێنانی شێوازی وانەوتنەوەی نوێی فێرکاری بابەتێکی زۆر گرنگە لە پرۆگرامی خوێندندا کە پێویستە پەرەپێبدرێت. مرۆڤ لە ژیانیدا بەردەوام ڕوبەڕوی گرفت و ئاستەنگ دەبێتەوە و بۆ زاڵبون بەسەر ئەم گرفت و ئاستەنگانەدا پەنادەباتە بەر ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی. وەک (خدیجە و نوال، ٢٠٢٢) ئاماژەی پێدەکەن، بۆ ئەوەی تاک گەشەبکات و بەردەوامی بە ژیان بدات، دەبێت پاڵنەرێکی بەهێزی هەبێت بۆ پاراستنی هاوسەنگی خۆی. لەم نێوەندەدا (قوتابخانە) وەک ژینگەی سەرەکی و (پرۆگرامی خوێندن) وەک ئامرازێکی کاریگەر، ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن لە ئاراستەکردنی ئەم پاڵنەرانە بەرەو فێربون (خدیجە و نوال،٢٠٢٢، ٤). بەڵام گرفتەکە لێرەدا ئەوەیە کە زۆرجار تێبینی ئەوە دەکرێت کە پرۆگرامەکانی خوێندن لەبری ئەوەی ببنە سەرچاوەی وروژاندنی حەز و خولیای خوێندکاران، دەبنە بارگرانی. هەروەها لەبری ئەوەی جەخت بکەنە سەر تێگەیشتن، ئەوا تەنها جەخت لەسەر لەبەرکردن و دەرچون لە تاقیکردنەوەکان دەکەنەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خوێندکار بەگشتی پاڵنەریان بۆفێربون و بەتایبەتی پاڵنەری ناوەکیان بۆ فێربون لاواز بێت. لێرەوە هەستکردن بە کێشەی توێژینەوەکە لای توێژەران سەریهەڵدا، کە ئایا لە سیستەمی پەروەردەی ئێمەدا، پرۆگرامەکانی خوێندن تا چ ئەندازەیەک لەسەر بنەمای دەرونی و پەروەردەیی دروست داڕێژراون کە بتوانن پاڵنەری فێربون لای خوێندکاران گەشە پێ بدەن؟ ئایا ناوەڕۆک و شێوازی خستنەڕوی پرۆگرامەکان هاندەرن یان بێزارکەر لای خوێندکاران؟ کەواتە گرفتی ئەم توێژینەوەیە لەم پرسیارە سەرەکییەدا خۆی دەبینێتەوە: ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوندا چییە؟ لە توێژەران ئەوە چاوەڕوان دەکرێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، کە ئایا پرۆگرامی خوێندن توانیویەتی تاکێک دروستبکات کە پاڵنەری خۆرسکی بۆ فێربون هەبێت؟ ئایا پرۆگرامەکان وەک پێویست ڕەچاوی حەز و پێداویستییە دەرونییەکانی خوێندکارانیان کردوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان؟

**ئامانجی توێژینەوەکە**

1.بۆچونی خوێندکاران سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ.

2. بۆچونی خوێندکاران سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی بەشی وێژەیی و زانستی.

3. بۆچونی خوێندکاران سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی.

٤. زانینی ئاستی پاڵنەری فێربونی خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی.

**گرنگی توێژینەوەکە**

**١.گرنگی تیۆری**

1.ئەم توێژینەوەیە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگا وەردەگرێت و توێژینەوەیان لەسەر دەکات، ئەوانیش بریتین لە خوێندکارانی دوازدەی ئامادەیی و دوا ساڵی قوناغی خوێندنگا کە سەرکەوتنیان دەبێتەهۆی ئاوەدانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا.
3.ئەم توێژینەوەیە گرنگی دەدات بە بابەتێکی هەستیار لای خوێندکاران ئەویش پاڵنەری فێربونە کە بەبێ بونی پاڵنەر سەرکەوتن زۆر مەحاڵ و ئەستەم دەبێت، چونکە سەرجەم جوڵە و ڕەفتارەکان پەیوەستن بە پاڵنەرەکانەوە.
4.ئەم توێژینەوەیە لە بواری دەرونناسی پەروەردەییدا ئەنجام دراوە، کە دەکرێت لەڕوی تیۆرییەوە بەسودبێت بۆ بوارەکانی پەروەردە و کۆمەڵناسی پەروەردەیی و زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

### ٢.گرنگی پراکتیکی

١.پرۆگرامی خوێندن، خوێندکاران فێردەکات چۆن زانیارییە تیۆرییەکان لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەکاربهێنن.
٢.زیادکردنی متمانەبەخۆبون، وا لە خوێندکاران دەکات بتوانن ئەوەی فێریبون بە شێوەیەکی پراکتیکی جێبەجێیبکەن، متمانەیان بەخۆیان زیاتر دەبێت.
٣.گەشەپێدانی توانای چارەسەرکردنی کێشە، پرۆگرامی خوێندن وا لە خوێندکاران دەکات فێربن چۆن بەشێوەیەکی داهێنەرانە و لۆژیکی بیربکەنەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر.

### سنوری توێژینەوەکە

1.سنوری جوگرافی: سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزای سیدصادق.
2. سنوری مرۆیی: بریتییە خوێندکارانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی.
3. سنوری کاتی: ئەو ماوەیە دەگرێتەوە کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دراوە کە بریتییە لە ساڵی (٢٠٢٤-٢٠٢٥).
٤. سنوری بابەتی: ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لەگەشەپێدانی پاڵنەری فێربون.

### دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

#### ١.پرۆگرامی خوێندن (curriculum)

-پرۆگرامی خوێندن هەمو ئەزمون و خوێندن و گفتوگۆ و چالاکی کرداری و تاکەکەسی و گروپیانەیە کە خوێندکار لەژێر سەرپەرشتی و ڕێنمایی مامۆستا ئەنجامی دەدات (یار محمدیان،٢٠١٨، 30).
-پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە گرتنەبەری ڕێگایەك بۆ گەیشتن بەئامانجێکی دیاریکراو (عەزیز، 2019، 11).

#### ٢.پاڵنەر (motivation)

-حاڵەتێکی ناوەکی تاکە،ڕەفتاری دەوروژێنێت و ئاراستەی دەکات بەرەو ئەو ئامانجەی دەخوازێت بیهێنێتەدی (سیوەیلی،2014، ١١٧)
-پاڵنەر ئەو حاڵەتانەن کە بەزۆری بەرەفتارەکان دەستپێدەکەن و ئاراستەیان دەکەن و دەیانپارێزن تا ئەو کاتەی ڕەفتارەکان دەگەنە ئامانجێک یان بەوەڵامێک کۆتاییان پێدێت(ویتیگ، ٢٠٠٧، 111).

#### ٣.پاڵنەری فێربون (learning motivation)

-ئارەزوی بەردەوام و هەمیشەیی تاک بۆ بەدەستهێنان یان گەڕان بەدوای زانیاری جۆراوجۆر، زیادکردن و پەرەپێدانی، پەرۆشی بەکارهێنانی پراکتیکی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەکارهێنانی هێماکان، پێشوازیکردن لە مەترسییەکان، بەرگەگرتن لە ئاستەنگییەکان و تێپەڕاندنی ئاستەنگەکان بە مەبەستی بەدەستهێنانی زانیاری(الهاشمی،٢٠٠٣، ٢١).

-حاڵەتێکی ناوخۆییە کە هاندەری فێرخوازە بە هەر شێوەیەک بێت هەوڵ بدات بۆ خاوەندارێتی ئەو ئامراز و کەرەستانەی کە کاردەکەن بۆ دروستکردنی ژینگەیەک کە گونجان و بەختەوەری بەدەستبهێنێت و دوربکەوێتەوە لەشکست (القطامی،2004، 133)

## بەشی دوەم: چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوتر

### چەمکی پاڵنەر:

پاڵنەر چەمکێکی فراوانە، زاراوەی پاڵنەر لە بنەڕەتدا لە ڕەگی وشەی لاتینی (Motive) وەرگیراوە و بە واتای هاندان دێت. بەڵام لە ڕوانگەی پسپۆڕانەوە، بریتییە لە: "دۆخەکانی ناوەوەی زیندەوەران کە ڕەفتارەکانی بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو دەبەن". بەزۆری پاڵنەر بەهۆی دەستێوەردانی هاندەرێکەوە لە مرۆڤدا دروستدەبێت. پاڵنەر زاراوەیەکە کە هاواتای هاندانە و هەندێکیش ئەو دوانە بە یەک دەزانن. دیاردەی پاڵنەر زۆرجار پەیوەندی بە هۆکارەکانی ڕەفتاری مرۆڤ و لێکدانەوەی مرۆڤ بۆ ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان هەیە. دەروناسەکان پێیانوایە ئەو پرسە بنەڕەتیانەی لە دەرووناسی پاڵنەردا وروژێنراون بریتین لە: بۆچی ڕەفتارێکی دیاریکراو ڕودەدات؟ بۆچی ڕەفتار ئامانجدارە؟ بۆچی ڕەفتارێکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی زۆر بەردەوام دەبێت(رمضانی،٢٠٠٠، 120-119). پاڵنەر هۆکارەکانی ڕەفتاری مرۆڤەکان نیشان دەدات و ڕونی دەکاتەوە کە بۆچی بە شێوەیەکی دیاریکراو ڕەفتار دەکەن. ڕەفتاری پاڵنەردار، ڕەفتارێکە کە وزە و ئاراستە و ڕێککەوتی هەیە (سانتراک،٢٠٠٦، 580). دەتوانرێت زاراوەی پاڵنەر وەک هۆکارێک پێناسەبکرێت کە ڕەفتار بەهێز دەکات و ڕێنمایی دەکات و دەیپارێزێت. گیج و برلاینر(1984)پاڵنەریان بەراورد کردوە بە بزوێنەر و سوکانی ئۆتۆمبێل. لەڕوی پەروەردەوە پاڵنەر هەم ئامانجە و هەم ئامرازە. لەم ڕووەوە تەواوی چالاکییەکانی نێو پرۆگرامی خوێندن لایەنی سۆزداری لەبەرچاوگرتوە، کە بەدیهێنەری ئامانجی پاڵنەرن. وەک ئامرازێک، پاڵنەر، وەک ئامادەکاری دەرونی یان ڕەفتارەکانی داهاتو، بە پێشمەرجێک دادەنرێت بۆ فێربون و کاریگەرییەکانی لەسەر فێربون بەتەواوی دەردەکەوێت(سیف،٢٠٠٦، ٣٤٨).

### تایبەتمەندییەکانی پاڵنەری فێربون

١. ئاڕاستەکردنی ڕەفتار: ئاراستەکردنی ڕەفتار بەرەو ئامانجێکی دیاریکراو.

٢. بەرێکەوت: هەمو پاڵنەرێک ئامانجێکی هەیە کە تاک هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات.

٣. چالاکی: پاڵنەر چالاکیی تاکەکەس پێش دەخات، تاوەکو پاڵنەرەکە بەهێزتر بێت چالاکیەکە زیاددەکات.

٤. بەردەوامی: ڕەفتار بەردەوام دەبێت تا بەدەستهێنانی ڕەزامەندی.

٥. باشتربون: باشتربون لە ڕێگەی هەوڵدان واتە تاک ئەو ڕەفتارە دوبارە دەکاتەوە کە ڕەزامەندی بەدەستدەهێنێت.

٦. گونجانی گشتی(تەواوەتی): گەیشتن بە ئامانج کە پێویستی بە جوڵاندنی هەمو بەشەکانی جەستە هەیە و بەم شێوەیەش گونجانی تەواوەتی ڕودەدات.

٧. وەستانی ڕەفتار: ئەگەر ئامانجەکە بەدیهات، ئەوا ڕەفتارەکە دەوستێت (الختاتنة،٢٠١٠، ٢١٢).

### جۆرەکانی پاڵنەر

#### ١. پاڵنەری ناوەکی

پاڵنەری ناوەکی: کاریگەرترین جۆری چالاکی ئەوەیە کە بابەتی فێربون گرنگ و ماناداره بۆ مرۆڤەکان. لەم حاڵەتەدا فێربون پاداشتی لەگەڵدایە. چونکە چالاکی سۆزداری بۆ فێرخواز سەرنجڕاکێشە و وابەستەبون بە کارەکەوە دروست

دەکات. لەم حاڵەتەدا فێربون جێگیرترە و پاڵنەر دامەزراوترە. بە واتایەکی تر پاڵنەری ناوەکی ئاماژەیە بۆ ئەو پاڵنەرانەی کە لە خودی تاکەوە سەرچاوە دەگرن. بۆ نمونە ڕەزامەندی لە ئەنجامدانی کردارێک بە سەرکەوتویی دەتوانێت پاڵنەرێک بێت بۆ بەردەوامبون لەو کردارە یان چالاکییە، گرنگی ئەم جۆرە پاڵنەرە زیاتر لە گەورەکاندا بەدیدەکرێت (پاشاپور،٢٠١١، ٣٧).

هەروەها ئەو کەسانەی کە لە بنەڕەتدا پاڵنەریان هەیە، ڕازی دەبن ئەگەر ئەو چالاکییانەی کە ئەنجامی دەدەن زۆرترین ئەنجام بەدەستبهێنن و بەشداری لەم چالاکییانەدا بکەن، بۆ نمونە چالاکییەکانی فێربون، خوێندکاران ڕازی دەبن ئەگەر نمرەی باش بەدەستبهێنن. مرۆڤ تا زیاتر پاڵنەری هەبێت، ڕەفتارەکانی بەهێزتر دەبێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان.

## ٢. پاڵنەری دەرەکی

پاڵنەرە دەرەکییەکان: هەندێک لە بابەتەکانی فێربون پاڵنەرێکی ناوەکییان نییە. هەندێک جار، سنورداربونی توانای فیکری مرۆڤەکان و نەتوانینی تێگەیشتنیان لە ئەنجامی بابەتی فێربون، ڕێگری دەکات لە سەرهەڵدانی پاڵنەری ناوخۆیی. پاڵنەری دەرەکی ئەو پاڵنەرەیە کە بە خودی چالاکییەکەوە پەیوەست نییە، بەڵکو دەکرێت وەک لایەنێکی دەستکرد هەژمار بکرێت. ئەم جۆرە پاڵنەرە لەو پاڵنەرانە پێکدێت کە بەهۆی هاندانی دەرەکییەوە دروست دەبن. بۆ نمونە مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتێکی(دیاری) تایبەت دەست بە ئەنجامدانی چالاکی دەکات، لەم ڕووەوە زۆرێک لە خوێندکاران پاڵنەری خۆیانن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش لەبەر ئەوەی دەیانەوێت بەبەشداری پرۆسەی فێربون بکە نەک لەبەر ئەوەی ناچارن(پاشاپور،٢٠١٥، 38).

ئارەزوی ڕەفتارکردن کە لە دەرەوەی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئامانجی سەرەکی بریتییە لە ئەنجامدانی چالاکییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لە دەرەوەی چالاکییەکانی فێربون، پاڵنەری دەرەکی بەزۆری بەهۆی هاندانی کەسانی دیکە و ژینگەی دەوروبەرەوە دروست دەبێت، پاڵنەری دەرەکیش دەتوانرێت بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە کردارێکە بۆ بەدەستهێنانی شتێك.

## گرنگی پاڵنەری فێربون

پاڵنەری فێربون ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی فێربوندا، چونکە فێربون ناتوانێت ڕوبدات مەگەر پاڵنەرێک هەبێت کە بەشداربێت لە پاڵنانی فێرخواز بەرەو فێربون. ئەمەش لەلایەن(گەیتس) پشتڕاست کراوەتەوە کاتێک دەڵێت (پاڵنەر تاکە مەرجە کە بەبێ ئەو فێربون بەدەست ناهێنرێت) (عبدالخالق،٢٠٠١، ٤٥).

پاڵنەر ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕێت لە فێربوندا، چ ناوەکی و چ دەرەکی، بەڵام زۆرێک لە لێکۆڵینەوەکان سەلماندویانە کە پاڵنەری ناوەکی کاریگەرتر و بەهێزترە لە بەردەوامی ڕەفتاری پەروەردەیی وەک لە پاڵنەرە دەرەکییەکان، بەو پێیەی مەیلەکانی یەکەمیان پەیوەستە بە پێداویستی و بەها و بەرژەوەندییەکان، بۆیە کاریگەرییەکی قوڵتر بەجێدەهێڵن (سلیم،٢٠٠٣، ٤٩٩). گرنگی پاڵنەر لەم خاڵانەی لای خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١. بابەتی پاڵنەر پەیوەندی بە زۆربەی بابەتەکانی دەرونناسییەوە هەیە، ئەگەر هەمویان نەبێت پەیوەندییەکی نزیکیان هەیە، بۆ نمونە؛ لەگەڵ تێگەیشتن و یادەوەری و بیرکردنەوە.

٢. پاڵنەر وزە و چالاکیی زیاددەکات، واتە هیچ ڕەفتارێک نییە بەبێ پاڵنەر بۆ نمونە مرۆڤی برسی لە خواردن دەگەڕێت.

٣. پاڵنەرەکان دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەزمون و زانیاری و پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی ڕەفتار.

٤. پاڵنەر ڕێگایەکە بۆ ئەوەی مرۆڤ زیندو فێری ئەوە بێت کە چۆن لەگەڵ خۆی و ژینگەدا بگونجێت.

لەمانەی سەرەوە ڕونە کە پاڵنەر ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە فێربون، ڕاگرتن، بیرهێنانەوە و ئەنجامدان، چونکە بە ئامرازێک دادەنرێت کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن بە هەندێک ئامانجی پەروەردەیی بەشێوەیەکی کاریگەر (سلیم،٢٠٠٣، ٤٩٩).

**ڕەگەزەکانی پاڵنەری فێربون**

١. زانستخوازی: تاکەکان بە سروشتی خۆیان لە هەوڵدان و بەدوای ئەزمونی نوێدا دەگەڕێن، چێژ لە فێربونی شتەکانی دەوروبەریان وەردەگرن و هەست بە ڕازیبون دەکەن لە کاتی چارەسەرکردنی گرفتەکان و پەرەپێدانی تواناکانیان.

٢. خۆکارایی: ئەم چەمکە بە واتای باوەڕبونی تاک کە دەتوانێت ئەرکی تایبەت ئەنجام بدات و بگاتە ئامانجەکانی خۆی، ئەو خوێندکارانەی کە گومانیان لە تواناکانیان هەیە، پاڵنەری فێربونیان نییە، یەکێک لە سەرچاوەکانی خۆکارایی گەیشتن بە ئەنجام، کە بریتییە لە دابەشکردنی ئەرکەکە بەسەر بەشەکاندا بەجۆرێک سەرکەوتنیان لە هەر بەشێکدا بگرێتەوە.

٣. هەڵوێست: بەو پێیەی هەڵوێستی خوێندکاران بەرامبەر بە فێربون بە تایبەتمەندییەکی ناوخۆیی دادەنرێت و هەمیشە لە ڕێگەی ڕەفتارەوە دەرناکەوێت ڕەفتاری ئەرێنی لەنێو خوێندکاراندا ڕەنگە تەنها لە ئامادەبونی قوتابخانەکاندا دەربکەوێت و لە کاتەکانی تردا دەرنەکەوێت.

٤. پێداویستی: (مورفی) پێداویستی پێناسە دەکات بە هەستکردن بە خۆڕازیبون ئەگەر بونی هەبێت.(غباری،٢٠٠٨، ٤٨). هەروەها ئەبراهام ماسلۆ(١٩٠٨-١٩٧٠) لێکۆڵەرێکی ئەمریکی بواری دەرونزانییە دەربارەی پاڵنەر و پێداویستییەکانی مرۆڤ، بڕوای وایە پاڵنەرە مرۆڤایەتییەکان بەشێوەیەکی قوچەکی گەشەدەکەن (قەرەچەتانی،٢٠٠٦، ١٠٤). قوچەکەکەی (ماسلۆ) بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

١.پێداویستییە فیسۆلۆژییەکان: بریتین لە خۆراک و خواردنەوە و ئۆکسجین و ڕزگاربون لە پاشەڕۆ...هتد.

٢.پێداویستی ئاسایش و دڵنیایی: ئەم جۆرە لە پێداویستی دەبن بە پاڵنەر بۆ مرۆڤ بۆ ئەوەی بەدوای سەلامەتی و ئاسایشدا بگەڕێت و خۆی بەدوربگرێت لە ترس و دڵەڕاوکێ.

٣.پێداویستی خۆشەویستی و ئینتیما: مرۆڤ پێویستی بە تێکەڵبونی کەسانی دیکە هەیە لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەوەی خەڵکی خۆشبوێت و خەڵکیش ئەویان خۆشبوێت.

٤.پێداویستی ڕێزگرتنی خود: تاک پێویستی بەوە هەیە کە ڕێزی لێبگیرێت هەست بەوە بکات لە نێو دەوروبەریدا خاوەنی ڕێز و متمانەیە. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک زیاتر ڕێزی خۆیبگرێت.

٥. پێداویستی بەدەستهێنانی خود: ئەو کەسانەی توانای تێرکردنی ئەم پێداویستییەیان هەبێت دەبنە خاوەن دروستی دەرونی و دورکەوتنەوە لە دڵەڕاوکێ (العتوم واخرون،٢٠١١، ١٧٩).




**شێوەی(١)**

**هەرەمەکەی ماسلۆ بۆ پێداویستیە فیسۆلۆژییەکان (١٩٤٥)**

٥. لێهاتویی: پاڵنەرێکی ناوخۆییە بەرەو فێربون کە پەیوەندییەکی نزیکی بە خۆبژێوییەوە هەیە، تاک هەست بە دڵخۆشی دەکات کاتێک سەرکەوتو دەبێت لە گەیشتن بە ئامانجەکانی.

٦. پاڵنەرە دەرەکییەکان: بەشداریکردنی کاریگەر پێویستی بە دابینکردنی ژینگەیەک هەیە کە ڕێگری لە بێزاری بکات، ستراتیژییەکانی فێربون پێویستە نەرم و نیان و داهێنەرانە و کارپێکراو بن و دوربن لە ترس و فشار و ئامانجە دەرەکییەکان (غباری،٢٠٠٨، ٤٨).

**ستراتیجییەکانی وروژاندنی پاڵنەری خوێندکاران بۆ فێربون.**

گرنگترین ستراتیجەکانی وروژاندنی پاڵنەری خوێندکاران ئەمانەن:

١. جۆراوجۆرکردنی وروژاندنەکان.

٢. جۆراوجۆرکردنی ستراتیجیە نوێیەکانی وانەوتنەوە.

٣. بەستنەوەی بابەتەکانی پرۆگرامی خوێندن بە واقعی ژیانی خوێندکارانەوە (قادر،٢٠٢٣، ١٨٩).

٤. گەڕان بەدوای بەکارهێنانی چەندین نەخش و شێواز بۆ پاڵنەری فێربون.

٥. وابکە ئەو چالاکییە پەروەردەییانەی کە لەلایەن خوێندکارەوە پێشکەش دەکرێن کاریگەرییان هەبێت لە بەدەستهێنانی پەروەردەیەکی مانادار بە دروستکردنی گفتوگۆی گروپی.(القیسی، ٢٠٠٧، ١٠٠).

**تیۆرییەکانی پاڵنەر**

پاڵنەر وەک فێربون ڕاستەوخۆ چاودێری ناکرێت، چونکە گۆڕاوێکی گریمانەییە کە دەرونناسەکان بە چاودێریکردنی ڕەفتاری زیندەوەران دەریدەخەن، چەند جۆر پاڵنەرمان هەیە؟ ئەم پاڵنەرانە چۆن پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە؟ چۆن زیندەوەران هان دەدات؟ وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە بوەتەهۆی هاتنەکایەی تیۆری جۆراوجۆر بۆ وەسفکردن و ڕونکردنەوەی چەمکەکانی پاڵنەر و لێرەدا بەشێک لەو تیۆریانەی دەخرێنەڕو.

1-تیۆری شیکردنەوەی دەرونی(Theory of psychology anlysis)

ئەم تیۆرە دەگەڕێتەوە بۆ "فرۆید 1856-1939 لێکۆڵەری نەمساوی بواری دەرونزانی خاوەنی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەرونی، کە چەمکی نوێی جیاوازی لە چەمکە وانەییە ڕەفتارییەکان و مەعریفییەکان هێنایە کایەوە وەك (سەرکوتکردن، نەسا، غەریزە) کاتێك ڕاڤەی ڕەفتاری دروست و نادروستی کرد(احمد،2016، ٢٨).

ئەم تیۆرە ڕەفتاری تاک پەیوەست دەکات بە غەریزەی ژیان و غەریزەی مردن، وەک ئەوەی لەمەوە پشتڕاست دەکرێتەوە کە ڕەفتاری منداڵی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک لە داهاتودا هەیە، ئەو تیۆرەش داوای چەمکی پاڵنەری نائاگایانە دەکات بۆ ڕونکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤ بەبێ ئەوەی بتوانێت پاڵنەرە بنەڕەتییەکان دەستنیشانبکات یان بزانێت، ئەم ڕەفتارە پێیدەوترێت سەرکوتکردن، و بەپێی ئەم تیۆرییە، کارلێکێک لە نێوان ئارەزوە نەستیەکان(نائاگاکان) ڕودەدات کە لە پاڵنەرە سێکسییەکان و شەڕانگێزی و ئارەزوەکانی سەرەتای منداڵییەوە کە تێرنەکراون سەریان هەڵداوە، کە کۆمەڵگەی گەورەسالان ڕێگری لە منداڵان دەکات لە دەربڕینی تواناکانی خۆیان، بۆیە ڕەفتارەکە سەرکوت دەکرێت و لە شێوەی ڕەفتاری قەناعەتپێکەردا دەردەکەوێت کە ڕەنگە ببێتەهۆی پراکتیزەکردنی هەندێک شێوازی ڕەفتاری تێکدەر لە دەوروبەری خۆی یان کۆمەڵگادا، بۆیە زۆرێک لە شێوازە ڕەفتارییەکان کە نائاسایی یان ناعەقڵانی دەردەکەون دەتوانرێت بە پاڵنەری ناعەقڵانی ڕون بکرێتەوە،بە دور لە هۆشیاری تاکەکەس (الكوافحة،2004، ١٤٧).

2-تیۆری ڕەفتاری (Theory of behaviorism)

ئەم تیۆرە بەزۆری پێیدەوترێت تیۆری هاندەر- وەڵامدانەوە، پاڵنەر بەو حاڵەتە یان پێویستییە ناوەکییەی فێرخواز پێناسە کراوە کە هەڵسوکەوت و ئەدای فێرخواز دەباتە پێشەوە و کار لەسەر بەردەوامییەکەی دەکات و بەرەو گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو ئاراستەی دەکات. لە سەرکردەکانی ئەم بیردۆزە سۆرندایك و سکینەرن، سۆرندایک ئەو بنەمایەی گرتەبەر کە ئەو ڕەزامەندییەی کە وەڵامەکە پێکدەهێنێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاستی وەڵامدانەوە بەهێزی بکات و ڕێژەی بێبەشبون کەم بکاتەوە، بۆیە ئەو بەهێزکردنەی کە دوای وەڵامدانەوەیەک دێت ئەگەری دوبارە ڕودانی زیاد دەکات(بن يوسف،2008، ٧٥).

3-تیۆری مرۆڤایەتی (Theory of humanity)

دەرونزانێکی وەک ماسلۆ پێیوایە زۆرێک لە ڕەفتارەکان ڕەگیان لە پاڵنەرە ناوخۆییەکانی وەک خۆئاگابون و وەدیهێنانی توانا پێشبینیکراوی مرۆڤدا هەیە. ماسلۆ پلەبەندییەک بۆ پێداویستییەکانی مرۆڤ پێشنیار دەکات. ئەمەش بەو مانایەیە کە پێش ئەوەی بگەینە پێداویستییە ئاست بەرزەکان، پێویستە سەرەتا پێداویستییەکانی ئاستی خوارەوە یان پێداویستییە سەرەتاییەکان دابینبکرێن. پلەبەندی پێداویستییەکان لەسەر بنەمای تیۆری ماسلۆ بریتین لە: پێداویستییە فیزیۆلۆژییەکان، پێداویستییەکانی ئاسایش و سەلامەتی، پێویستییەکانی خۆشەویستی و ئینتیما، پێویستی ڕێزگرتن لە خود و کەسانی دیکە و پێویستی بەدەستهێنانی خود.

4-تیۆری مەعریفی (Theory of Cognitive)

لە تیۆرییە مەعریفییەکانی پاڵنەردا، جەخت لەسەر پرۆسەکانی بیرکردنەوە دەکرێتەوە کە بەشدارن لە پاڵنەرە تاکەکەسییەکان. چەمکی کاریگەری کەسی لەلایەن باندورا (1968) پێشنیار کراوە و باس لەو بەشەی "خود" دەکات کە بە تایبەتی پەیوەندی بە هەڵسەنگاندن و خەملاندنی کاریگەری کەسیمانەوە هەیە. لە ئەنجامدا ئەو خوێندکارانەی کە کاریگەری خۆیان لە پەروەردەدا هەڵدەسەنگێنن یان ئاستێکی بەرزی کارایی ئەکادیمی نیشاندەدەن، سەقامگیری و هەوڵ و پاڵنەر و بەرژەوەندی ناوەکی زیاتر لە چالاکییە ئەکادیمییەکانیاندا نیشان دەدەن.

5-تیۆری بەڵگەنامەیی یان دانەپاڵ (Theory Document)

واینەر تیۆری دانەپاڵی پێشنیار کرد،ئەم تیۆرە لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە مرۆڤ چۆن هۆکارەکانی سەرکەوتن و شکستەکانی لێکدەداتەوە. بەپێی ئەم تیۆرە ئەو ڕونکردنەوەی لە سەرکەوتن و شکستەکانمان وەردەگرین، چاوەڕوانی سەرکەوتن و شکستەکانی داهاتو و دواتر، پاڵنەرمان دیاری دەکات لە ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە ئەگەری سەرکەوتن یان شکستیان تێدا هەیە (بنتهام،٢٠٢٢، 142-149).

کەسێک کە سەرچاوەی کۆنترۆڵکردنی ناوخۆیی هەبێت، ئەنجام و دەرئەنجامەکانی ڕەفتارەکانی یان پاداشتەکانی یان سزاکانی بە ئەنجامی هەوڵە کەسییەکانی خۆی دەزانێت. کەسێکی وا بەرپرسیارێتی ئەو شتانە دەگرێتە ئەستۆ کە بەسەریدا دێت. لەلایەکیترەوە کەسێک کە سەرچاوەیەکی دەرەکی کۆنترۆڵکردنی هەیە، ئەنجام و دەرئەنجامەکانی ڕەفتارەکانی بە دەرئەنجامی بەخت، چارەنوس، ڕێکەوت یان دەرئەنجامی کردەوەی کەسانی دیکە دەزانێت (بنتهام،٢٠٢٢، 142-149).

## ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون

زاراوەی پرۆگرام لە زمانی ئینگلیزیدا لە وشەی (Curriculum) وەرگیراوە کە بنەڕەتی وشەکەش دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی (Currere). کە بە مانای پێشبڕکێی ئەسپ سواری هاتوە، یاخود هەندێک جار بۆ کەسێک کە ڕێگایەک دەگرێتەبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەکارهێنراوە (عزیز،٢٠١٢، ٥).

بۆیە لەم نێوەندەدا پرۆگرام وەک دڵی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بو بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردە و زیاتر گرنگیپێدرا، بەم شێوەیە پرۆگرامی خوێندن بو بە یەکێک لە بوارە تایبەتمەندەکان و لە هەمان کاتدا جێگای مشتومڕی پەروەردە و فێرکردن(فتحی و اجارگاه،١٩٩٨، 23). پرۆگرام هەمیشە پەیوەندی لە نێوان هەردو هێزی مرۆیی مامۆستا و خوێندکار لە سیستەمی پەروەردەدا دروستدەکات، دەتوانرێت وەک دڵی سیستەمی پەروەردە و ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی پەروەردە هەژمار بکرێت. پرۆگرامی خوێندن بە گرنگترین و سەرەکیترین بابەتی پەروەردەیی فەرمی لەقەڵەم دەدرێت(شاملی و همکاران،٢٠١١، 49).

پاڵنەر بنەمای ڕەفتاری مرۆڤە، فێربون بنەمای ڕەفتاری هەمو مرۆڤێکە. فێربون تایبەت نییە بە تەمەنێکی دیاریکراو، بەڵام هەمو مرۆڤەکان دەبێت بەردەوام فێری زانیاری نوێ یان کارامەیی و لێهاتوی نوێ بن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لە ژیانیان و هاوئاهەنگ و گونجان لەگەڵ ژینگەکەیان. واتە ڕونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن دەتوانرێت ڕەفتارێک لە دۆخی هەبوەوە بگۆڕدرێت بۆ دۆخێکی خوازراو. ئامانجی کۆتایی هەر چالاکییەکی پەروەردەیی بریتییە لە هێنانەدی گۆڕانکاری خوازراو لە ڕەفتار و ئەزمونی فێرخوازان و فێربون جگەلە سەرهەڵدانی ئەو گۆڕانکاریانە هیچی تر نییە (اسلاوین،٢٠٠٦، ٣٥٩).

پاڵنەر یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی فێربون و فێرکردنی کاریگەر، کە لە هەمان کاتدا پێوانەکردنی زۆر قورسە. بە سادەیی ئەوەیە کە دەتباتە پێشەوە و بەردەوامیت پێدەبەخشێت و ئەوەش دیاریدەکات کە بەکوێ گەیشتویت (اسلاوین،٢٠٠٦، ٣٦٠). لە پەروەردە و فێرکردندا باسی پاڵنەر بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

1-ئامادەکردنی قوتابی بۆ فێربون

2-چالاک ڕاگرتنی خوێندکار لە کاتی فێربوندا

3-سەرنج و وردبینی بۆ زیاتر تەرکیزکردن (رمضانی،٢٠١٧، ١١٩).

**توێژینەوەکانی پیشوتر**

1.توێژینەوەی(العمور،2022) بەناونیشانی (ڕۆڵی ئیدارەی قوتابخانەکان لە دروستکردنی پاڵنەری فێربون لە قوتابخانەکانی ناوچەی نەقەب لە ڕوانگەی بەڕێوەبەرانەوە).ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بو لە دیاریکردنی ڕۆڵی ئیدارەی قوتابخانەکان لە دروستکردنی پاڵنەرەکانی فێربون لە قوتابخانەکانی ناوچەی نەقەب. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە. نمونەی توێژینەوەکە لە (50) بەڕێوەبەر پێکهاتوە. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتوە لەڕوانگەی بەڕێوەبەرانەوە دروستکردنی پاڵنەری فێربون لای خوێندکاران بەشێوەیەکی بەرچاو بوە، هەروەها دروستکردنی پاڵنەری فێربون بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، بڕوانامە، ساڵانی خزمەت) جیاوازی ئاماری نەبوە.

2.توێژینەوەی (الدليمی،2018) بەناونیشانی (پاڵنەری فێربون و پەیوەندی بە دەستکەوتی خوێندنەوە لای خوێندکارانی ئامادەیی). ئامانجی توێژینەوەکە بریتیبو زانینی پەیوەندی نێوان پاڵنەری فێربون و دەستکەوتی خوێندن لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی بۆساڵی خوێندنی2017-2018. توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە. نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبو لە (312) خوێندکار، کە (151) خوێندکار لەڕەگەزی نێر و (161) خوێندکار لە ڕەگەزی مێ. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتوە بریتییە لە بونی پەیوەندی لە نێوان پاڵنەرو فێربون و پاڵنەر و دەسکەوتنی خوێندن، هەروەها جیاوازییەکی ڕون و بەرچاوی ئاماری سەبارەت بەبونی پاڵنەر بۆ فێربون لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێدا بەدیدەکرێت لە بەرژەوەندی ڕەگەزی مێ.

٣.توێژینەوەی (مهسا نقوی،مینا ایری،٢٠٢٠) بەناونیشانی (شیکردنەوەی کاریگەری پرۆگرامی خوێندن لەسەر فێربون و پاڵنەرەکانی خوێندکارانی شاری گورگان). ئامانجی توێژینەوەکە بریتی بوە لە زانینی کاریگەری پرۆگرامی خوێندن لەسەر فێربون و پاڵنەری خوێندکاران. توێژەران میتۆدی وەسفی شیکارییان بەکارهێناوە. نمونەی توێژینەوەکەیان لە (154) خوێندکار پێکهاتوە. گرنگترین ئەو ئەنجامەی کە توێژەران پێی گەیشتون کاریگەری پرۆگرامی خوێندنە لەسەر فێربون و دروستکردنی پاڵنەر لای خوێندکارانی بەشێوەیەکی بەرچاو و ماناداربونی هەبو.

**تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوتر**

دوای خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشوتر کە لە بارەی پاڵنەری فێربون ئەنجامدراون، وەکو توێژەران تێبینی ئەوەمان کردوە کە بابەتی پاڵنەری فێربون جێگای بایەخی توێژەران بوە لەسەرجەم قۆناغەکاندا (ناوەندی، ئامادەیی، زانکۆ) بەڵام تێبینی ئەوە کراوە زۆربەی توێژینەوەکان لەسەر قۆناغی ئامادەیی کراوە، کە زۆربەی توێژینەوەکان باس لە ڕۆڵ و گرنگی دامەزراوەیەك یان لایەنێکی دامەزراوەکان دەکات لەسەر گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون، توێژینەوەکەی ئێمەش لەسەر خوێندکارنی ئامادەییە وەکو توێژینەوەی (الدليمی،2018). هەمو توێژینەوەکان گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە (قوتابخانە و خوێندنگای ئامادەیی و زانکۆ و هەروەها ئیدارەی قوتابخانەکان و بەڕێوەبەران و مامۆستایان) ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەیە لە زیادکردنی پاڵنەری فێربون لای فێرخوازان لەسەرجەم قۆناغەکاندا. توێژەران لە ڕوی تیۆرییەوە سودی لەم توێژینەوانە وەرگرتوە. خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشو تردا ئەوەیە کە هیچ یەکێك لە توێژینەوەکان لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری پرۆگرامی خوێندن ئەنجام نەدراوە.

**بەشی سێیەم: ڕێکاری توێژینەوەکە**

**میتۆدی توێژینەوەکە**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بە بەکارهێنانی میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێکی دیاریکراو هەیە، میتۆدیش بریتییە لەو ڕێگایەی کە توێژەران دەیگرنەبەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی، کەگرفتی توێژینەوە دەیوروژێنێت (ئەبراش، ٢٠١٣، ١٠٠). توێژەران میتۆدی وەسفی شیکاریان بەکارهێناوە بەهۆی گونجاوی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

## کۆمەڵگا توێژینەوەکە

لەم توێژینەوەیەدا،کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە خوێندکارانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی بە هەردو بەشی وێژەیی و زانستی لە ناوەندی قەزای سیدصادق بۆ ساڵی خوێندنی (2024-2020). کە ژمارەیان (٨٥٥) خوێندکارە لە پێنج خوێندنگا. خشتەی (1) کۆمەڵگای توێژینەوە ڕوندەکاتەوە.

**خشتەی(١) کۆمەڵگای توێژینەوە**

| ز | ناوی قوتابخانە | پۆلی دوازدەمی زانستی | | | پۆلی دوازدەیەمی وێژەیی | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | |
| 1 | ئامادەیی کوردستانی نوێ | ٧٨ | ٥٩ | ١٣٧ | ١٥ | ٢١ | ٣٦ | ١٧٣ |
| 2 | ئامادەیی سامان جاف | ٦٠ | ١٠٥ | ١٦٥ | ١٥ | ١٦ | ٣١ | ١٩٦ |
| 3 | ئامادەیی ئاسۆی کچان | | ١٣٠ | ١٣٠ | | ٢٦ | ٢٦ | ١٥٦ |
| 4 | ئامادەیی زەندی کوڕان | ٣٢ | | ٣٢ | ٢٢ | | ٢٢ | ٥٤ |
| 5 | ئامادەیی سیدصادق تێکەڵاو | ٧١ | ١٦٦ | ٢٣٧ | ١٥ | ٢٤ | ٣٩ | ٢٧٦ |
| | کۆی گشتی | ٢٤١ | ٤٦٠ | ٧٠١ | ٦٧ | ٨٧ | ١٥٤ | ٨٥٥ |

## نمونەی توێژینەوەکە

نمونەی توێژینەوە لە خوێندکارانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی لە هەردو بەشی وێژەیی و زانستی لە ناوەندی قەزای سیدصادق وەرگیراون، نمونەی توێژینەوەکە پێکدێت لە (١٦٠) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر و مێ. لە پرۆسەی دیاریکردنی نمونەی توێژینەوەکەدا، توێژەران (نمونەی هەڕەمەکی سادە)یان بەکارهێناوە، بەشێوەیەک سەرەتا لیستی تەواوی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکانەوە بۆ توێژەران ئامادەکرا، پاشان بە بەکارهێنانی شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی کە بەشێوازی تیروپشک لەسەر بنەمای ڕیزبەندی ژمارەکان ژمارەیەک هەڵبژێردرا و دواتر تەواوی نمونەکە لەسەر ئەو بنەمایە دەستنیشانکران. ئەم ڕێکارەش بەمەبەستی دورکەوتنەوە لە لایەنگیری و زامنکردنی هەلی یەکسان بوە بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە، تاوەکو نمونەکە نوێنەرایەتییەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکە بکات و ئەنجامەکان جێگەی متمانەبن.

**خشتەی (2) نمونەی توێژینەوە ڕون دەکاتەوە**

| ز | ناوی قوتابخانە | پۆلی دوازدەمی زانستی | | | پۆلی دوازدەیەمی وێژەیی | | | کۆی گشتی لە هەر قوتابخانەیەک | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | کۆ | نێر | مێ | کۆ | | |
| 1 | ئامادەیی کوردستانی نوێ | ١٠ | ٧ | ١٧ | ٧ | ٦ | ١٣ | ٣٠ | %١٨.٧٥ |
| 2 | ئامادەیی سامان جاف | ١٠ | ٨ | ١٨ | ٣ | ٥ | ٨ | ٢٦ | %١٦.٢٥ |
| 3 | ئامادەیی ئاسۆی کچان | - | ٢٥ | ٢٥ | - | ٦ | ٦ | ٣١ | %١٩.٣٧ |
| 4 | ئامادەیی زەندی کوڕان | ١٠ | - | ١٠ | ٩ | - | ٩ | ١٩ | %١١.٨٧ |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 5 | ئامادەیی سیدصادق تێکەڵاو | ٢٠ | ١٠ | ٣٠ | ١١ | ١٣ | ٢٤ | ٥٤ | %٣٣.٧٥ |
| | کۆی گشتی | ٥٠ | ٥٠ | ١٠٠ | ٣٠ | ٣٠ | ٦٠ | ١٦٠ | %١٠٠ |

**ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

توێژەران پاش گەڕان و پشکنین بەناو سەرچاوە و توێژینەوەکانی پەیوەندیدار بە کێشەی توێژینەوەکە و وەرگرتنی ڕای پسپۆڕان و مامۆستایان بەمەبەستی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە وەک بەشێک لە پێویستی دەستەبەرکردنی ئامانجی توێژینەوەکە، هەستان بە ئامادەکردنی ڕاپرسیەکە لەسەر ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەی ئامادەیی بەشێوەی سەرەتایی. دواتر ڕاپرسیەکی داخراوی لێ دروستکرد کە (٣٤) برگە بو.

**ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە:**

یەکێک لە مەرجەکانی برگەکانی ڕاپرسی ئەوەیە ڕاستی و دروستی بۆ بکرێت، توێژەران دوای ئامادەکردنی ڕاپرسیە داخراوەکە برگەکانی بەمەبەستی لە ڕاستی ڕواڵەتیی خستیانە بەردەست ژمارەیەک لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کۆمەڵناسی. دوای گەڕاندنەوەی ئامرازەکە شارەزایان بە زۆرینە برگەکانی ڕاپرسییەکەیان پەسەندکرد، بەڵام ژمارەی برگەکان وەکو خۆی مایەوە و شێوەی کۆتایی وەرگرت، ئەم پەسەندکردنە بە ڕێژەی (٨١.١٧%) دیاریکرا، بڕوانە پاشکۆی ژمارە(٢).

**جێگیری ئامرازی توێژینەوەکە:**

توێژەران تاقیکردنەوەی لەڕێگەی دوبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکە لەسەر بژاردەیەک لە دەرەوەی بژاردە سەرەکیەکە جێبەجێکرد، کە ژمارەیان (١٠) خوێندکار بو، ماوەی دو هەفتە لە نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دوەمدا هەبو، پاش بەراوردکردنی وەڵامەکان و ڕێکخستنی زانیارییەکان بەکارهێنانی یاسای (Pearson Correlation) لە بەرنامەی spss جێگری ئامرازەکە بریتیبو لە (0,845)

**ئامرازە ئامارییە بەکارهاتوەکان**

توێژەران بۆ خستنەڕوی شیکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە لەڕێگەی نمونەی توێژینەوەکەوە دەستیکەوتون پەنای بردوەتەبەر بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی تایی بۆ دو نمونەی سەربەخۆ Independent-Samples T.test لە بەرنامەی SPSS 26 کە بە جانتای ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێت.

## بەشی چوارەم: خستنەڕوی ئامانجەکان و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیان

**خشتەی(٣)**

**زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ.**

| گۆڕاوی ڕەگەزی | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | | دەلالەت لە ئاستی(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| نێر | ٨٠ | ١.٥٩ | ٠.٤٩٥ | ٢.٠٣ | ١.٦٤٥ | بەڵگەدارە |
| مێ | ٨٠ | ١.٩٠ | ٠.٤٧٦ | | | |

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم «زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی ڕەگەزی نێر و مێ» جیاوازی مانادرای ئاماری بونی هەیە لە بەرژەوەندی گۆڕاوی ڕەگەزی مێ دایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی ڕەگەزی مێ پاڵنەری فێربونیان زیاترە و پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵی تایبەتی لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربونی خوێندکارانی مێ زیاترە بە ناوەندەژمێری (٩٠.١)، لادانی پێوەری (٤٧٦.٠) بەراورد بە خوێندکارانی ڕەگەزی نێر بە ناوەندەژمێری (٥٩.١)و لادانی پێوەری (٠.٤٩٥).

**خشتەی(٤)**

**زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی بەشی وێژەی و زانستی.**

| گۆڕاوی بەش | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | | دەلالەت لە ئاستی(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| وێژەیی | ٦٠ | ١.٢٨ | ٤.٢ | ١.٧٨٠ | ١.٦٤٥ | بەڵگەدارە |
| زانستی | ١٠٠ | ٢.٣٥ | ٥.٣ | | | |

سەبارەت بە ئامانجی دوەم «زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی بەشی وێژەی و زانستی» جیاوازی مانادرای ئاماری بونی هەیە لە بەرژەوەندی گۆڕاوی بەشی زانستی بە ناوەندەژمێرەی (٣٥.٢) و لادانی پێوەری(٣.٥)بەبەراورد بە بەشی وێژەیی بە ناوەدندەژمێرەی(٢٨.١)و لادانی پێوەری (٢.٥) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە خوێندکارانی بەشی زانستی پاڵنەری فێربونیان زیاترە لە خوێندکارانی بەشی وێژەیی. ئەوەش پەیوەستە بەچەندین هۆکاری جۆراوجۆر یەکێک لەوانە داهاتوی بەشە زانستیەکان بازاڕی کاریان باشترە و لانی کەم خوێندکارانی بەشە زانستیەکان دەتوانن دوای تەواوکردنی خوێندن کار بۆ خۆیان پەیدابکەن. بۆیە خوێندکارانیش بەزۆری ڕو لەبەشی زانستی دەکەن و ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە و قوتابخانەکان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە. لەبەر زۆری ژمارەی خوێندکارانی بەشی زانستی لە قوتابخانەکاندا توێژەران بەناچارییەوە پەنایبان بردوەتەبەر ئەوەی کە نمونەی توێژینەوەکە زیاتر لە خوێندکارانی بەشی زانستی بێت تا بەشی وێژەیی.

**خشتەی(٥)**

**زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی.**

| گۆڕاوی پاڵنەری | نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | | دەلالەت لە ئاستی(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| پاڵنەری ناوەکی | ١٦٠ | 57.99 | ١٤.٩١٦ | ٢.١٤ | ١.٦٤٥ | بەڵگەدارە |
| پاڵنەری دەرەکی | ١٦٠ | 60.47 | ١٥.٧٦٩ | | | |

سەبارەت بە ئامانجی سێیەم «زانینی ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون بەپێی جیاوازی پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی» جیاوازی مانادرای ئاماری بونی هەیە لە بەرژەوەندی گۆڕاوی پاڵنەری دەرەکی بە ناوەندەژمێری (٥٧.٩٩) و لادانی پێوەری(٩١٦.١٤) بەبەراورد بە پاڵنەری ناوەکی بە ناوەندەژمێرەی(٤٧.٦٠) و لادانی پێوەری (١٥.٧٦٩). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵی لە گەشەپێدانی پاڵنەری دەرەکی هەیە لای خوێندکاران، کاریگەرییە دەرەکییەکانی پرۆگرامی خوێندن وەکو مامۆستا و خێزان و هاوڕێ و ژینگەی پۆل و هەبونی ئامراز و کەرەستەی فێرکاری پێویست ڕەنگدانەوەی زیاتری لەسەر خوێندکاران هەیە و دەبێتە پاڵنەری فێربونیان و بەردەوام بون لەسەر پرۆسەی خوێندن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی نمرەی پێویست.

**خشتەی(٦)**

**زانینی ئاستی پاڵنەری فێربونی خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی.**

| گۆڕاو | نمونە | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نرخی تی | دەلالەت لە ئاستی(0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پاڵنەری فێربون | ١٦٠ | ١٥٩ | ١١٨.٣٢ | ٢٧.٢٣٠ | ٠.٠٠١ | بەڵگەدارە |

سەبارەت بە ئامانجی چوارەم **«**زانینی ئاستی پاڵنەری فێربونی خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی**»** لەسەر بنەمای ئەنجامی خشتەی ژمارە(٦) لە ئاستی دەلالەتی(٠.٠٠١) بەڵگەدارە، بە ناوەندی ژمێرەیی (٣٢.١١٨) و لادانی پێودانگی (٢٣٠.٢٧).کەواتە بەشێوەیەکی گشتی بەبێ جیاوازی هەر یەک لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە کە بریتین لە گۆڕاوی (ڕەگەزی نێر و مێ، بەشی وێژەیی و زانستی، پاڵنەری ناوەکی و دەرەکی) پاڵنەری فێربونی خوێندکاران لە ئاستیکی بەرزدایە.

## بەشی پێنجەم:دەرئەنجامی توێژینەوەکە

### دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

توێژەران لە ئەنجامی توێژینەوەکە بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە گەیشتن:

١. پرۆگرامی خوێندن ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربونی خوێندکاران.

٢. پاڵنەری دەرەکی لای خوێندکاران زیاترە بە بەراورد بە پاڵنەری ناوەکی.

٣. خوێندکاری ڕەگەزی مێ(کچان) بەراورد بە خوێندکارانی ڕەگەزی نێر(کوڕان) پاڵنەری فێربونیان زیاترە.

٤. خوێندکارانی بەشی زانستی خاوەن پاڵنەری فێربونن وپاڵنەریان زیاترە بەراورد بە خوێندکارانی بەشی وێژەیی.

٥. ژینگەی پۆل و ئامراز و کەرەستەکانی فێرکردن ڕۆڵی گەورە دەگێڕن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون لای خوێندکاران.

٦. خێزان و مامۆستا و هاوڕێ کاریگەری گەورەیان هەیە لە گەشەپیدانی پاڵنەری فێربون لای خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەم.

٧. پرۆگرامی خوێندن یارمەتی خوێندکاران دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان و دەربازبون لە دۆخە ئسترێسی و فشارەکان.

٨. پرۆگرامی خوێندن و پەیوەست بونی بابەتەکانی نێو پرۆگرام پاڵنەری خوێندکاران بۆ فیربون زیاتر دەکەن بەتایبەت لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی ماڵەوە.

### ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە:

توێژەران ئەم ڕاسپاردانە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار ئەخەنەڕو:

١. گرنگیدانی زیاتر بدرێت بە پرۆگرامەکانی خوێندن و ڕەچاوکردنی خواست و ویستی خوێندکاران لە کاتی دانانی پرۆگرامەکان بۆ ئەوەی خوێندکاران پاڵنەری فێربونیان زیاتر بێت بەتایبەت پاڵنەری ناوەکی.

٢. دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بۆ گەڕاندنەوەی پاڵنەر بۆ خوێندکاران بەگشتی و خوێندکارانی بەشی وێژەیی بەتایبەتی.

٣. گرنگیدان بە بەشە وێژەییەکان و لەبەرچاوگرتنی ئایندەی ئەو بەشانە و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ دەرچوەکانیان، چونکە لە نەبونی بازاڕی کار بۆ دەرچوانی بەشە وێژەییەکان کاریگەری لەسەر خوێندکارانی پۆلی دوازدەی وێژەیی هەیە و دەرچوانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی کەمترین خوێندکاریان ڕو لە بەشی وێژەیی دەکەن.

**پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەران پێشنیاز دەکەن لە داهاتودا توێژینەوە لەسەر ئەم ناونیشانانەی خوارەوە بکرێت.

١. ڕۆڵی مامۆستایان لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون لای خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی.

٢. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆگرامەکانی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون لە قۆناغی بنەڕەتی.

**لیستی سەرچاوەکان:**


ئەبراش، ئیبراهیم، (٢٠١٣) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و:دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

بنتهام، سوزان، (٢٠٢٢) روان شناسی تربیتی، ت.اسماعیل بیابانگرد و سیدعلی نعمتی، انتشارات رشد، تهران.

الختاتنة، سامی حسن، (٢٠١٠) مبادئ علم النفس، دار المیسرة للنشر و التوزیع و الطباعة، عمان، الاردن.

رابرت‌ابی، اسلاوین، (٢٠٠٦) روان شناسی تربیتی، ترجمه یحیی سیدمحمدی، انتشارات روان، تهران.

رمضانی، خسرو، (٢٠٠٠) روان‌شناسی تربیتی، انتشارات فاطمیه، یاسوج.

رمضانی، خسرو، (٢٠١٧) روان شناسی تربیتی، چاپ هفتم، انتشارات فاطمیه، تهران.

الزغلول،عماد عبدالرحیم و عقلة،المحامید الشاکر، (٢٠٠٧) سیکولوجیة التدریس، دار المیسرة للنشر و التوزیع و الطباعة، عمان، الاردن.

سانتراک، جان، (٢٠٠٦) روان‌شناسی تربیتی، ترجمه مرتضی امیدیان، دانشگاه یزد، یزد.

سیف، علی‌اکبر، (٢٠٠٦) روان‌شناسی پرورشی، چاپ شانزدهم، انتشارات آگاه، تهران.

سیوەیلی، ئیدریس، (2014) مامۆستای کارامە و وانەوتنەوەی سەرکەوتو، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

العتوم، عدنان یوسف و اخرون، (٢٠١١) علم النفس التربوی النظریة والتطبیق، ط٢، دار المیسرة للنشر و التوزیع، عمان، الاردن.

عزیز، کریم احمد، (2019) پرۆگرامی پەروەردەیی(دەروازەیەك بۆ ناسینی پرۆگرام و شیکردنەوەی کتێب)، چاپخانەی نارین، هەولێر.

فتحی واجارگاه، کوروش، (١٩٩٨) اصول برنامه ریزی درسی، انتشارات ایران زمین، تهران.

قادر،رەمەزان حەمەدەمین، (٢٠٢٣) پلانی پەروەردە و فێرکردن، چاپخانەی تاران، ئێران.

القطامی، نایفة، (2004) مهارات التدریس الفعال، دار الفکر، عمان، الاردن.

قەرەچەتانی،کەریم شەریف، (٢٠٠٦) سایکۆلۆژیای گشتی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

القیس، رؤوف محمود، (٢٠٠٧) علم النفس التربوی، دار الدجلة، عمان، الاردن.

الکوافحة، تیسیر مفلح، (2004) علم النفس التربوي و تطبیقاته في مجال التربیة الخاصة، دار المسیرة للنشر و التوزیع، عمان، الاردن.

محمد، عبدالخالق أحمد، (٢٠٠١) مبادئ التعلم، ط٢، دار المعرفة الجامعیة، الاسکندریة، مصر.

مریم، سلیم، (٢٠٠٣) علم النفس التعلم، دار النهضة العربیة، بیروت، لبنان.

ویتیگ، آرنو، (٢٠٠٧) مقدمه روان شناسی، مترجم: مهدی محی الدین بناب، انتشارات رشد، تهران.

یار محمدیان، محمد حسین، (٢٠١٨) اصول برنامەریزی درسی،چاپ هفدهم،چاپخانه دانش پژوه،تهران.

الدلیمي، منذر عبد عباس(٢٠٢٠). دافعیة التعلم وعلاقتها بالتحصیل الدراسي لدی طلبة المرحلة الإعدادیة، مجلة الدرایات التربویة و العلمیة- کلیة التربیة-الجامعة العراقیة، العدد الخامس عشر، المجلد الثاني، علم النفس، ل. ١١٣-١٣٠.

شاملی، عباسعلی، ملکی، حسن و کاظمی، حمید رضا(٢٠١١). برنامه درسی ابزاری برای نیل به تربیت اخلاقی، نشریه اسلام و پژوهش های تربیتی، شماره 3، سال سوم، ل. ٧٧-٩٨.

العمور، سلیمان(٢٠٢٢). دور الإدارة المدرسة في خلق دافعیة التعلم في مدارس منطقة النقب من وجهة نظر مدیریها، المجلة العلمیة لکلیة التربیة-جامعة اسیوط،المجلد الثامن و الثلاثون، العدد التاسع، جزء ثاني، ل. ١٨٩-٢٠٦.

نقوی، مهسا و ایری، مینا(۲۰۲۰). بررسی تأثیر برنامه ریزی درسی بر یادگیری و انگیزش دانش آموزان مطالعه موردی دانش آموزان شهر گرگان، هفتمین همایش ملی مطالعات و تحقیقات نوین در حوزه علوم تربیتی، روانشناسی و مشاوره ایران، ل. ۱-۸.

احمد، شیرزاد علی(2016). کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژیەتی هەژاندنی هزری لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانەگوتنەوەی بابەتی مێژو، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی پەروەردەی بنیات.

امال،بن یوسف(2008). العلاقة بين إستراتيجيات التعلم و الدافعية للتعلم و أثرهما على التحصيل الدراسي، رسالة ماجستير غير منشور، جامعة الجزائر.

پاشاپور، حبیب(۲۰۱۵). تاثیر نتایج بازخورد عملکرد بر انگیزش، پایان نامه کارشناسي ارشد، مدیریت، دانشگاه پیام نور.

الهاشمی، محمد عبدالله(2003). بعض المتغيرات الفارقة بين ذوي الدلفع المعرفي المرتفع و الدافع المعرفي المنخفض في المرحلة ثانوية بسلطنة عمان، رسالة ماجستير غير منشورة، معهد البحوث و الدراسات التربوية، جامعة القاهرة.

خديجه، عزاوی و نوال، بحفيد(۲۰۲۲). الدافعيه للتعلم و علاقتها بالتوافق النفسی لدى تلاميذ السنة الأولى ثانوی دراسة ميدانية لثانوية خالد بن الوليد ادرار.

پاشکۆی(1) ڕاستێتی پێوەری توێژینەوەکە

| ز | ناوی پسپۆڕان | نازناوی زانستی | پسپۆڕی | برگە گونجاوەکان | ژمارەی برگە نەگونجاوەکان | ژمارەی برگە هەموارکراوەکان | پلەی ڕاستێتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | حسین اسماعیل علی | پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی | ۲۷ | ۳ | ٤ | %۷۹.٤۱ |
| 2 | محمود حمەکریم محمود | مامۆستا | دەرونزانی مەعریفی | ۳۲ | - | ۲ | %۹٤.۱۱ |
| 3 | ئەژی حەمە قاضی | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | ۲۵ | ٤ | ٥ | %۷۳.٥۲ |
| 4 | شێرزاد علی احمد | مامۆستا | ڕێگاکانی وانەوتنەوە | ۲٦ | ٦ | ٤ | %۷٦.٤۷ |
| 5 | سرحد محمد سمین | مامۆستا | کۆمەڵناسی | ۲۸ | ٤ | ۲ | %۸۲.۳٥ |
| کۆی گشتی | | | | | | | %۸۱.۱۷ |

**پاشکۆی(۲)**

**پێوەری توێژینەوەکە**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

**فۆرمی ڕاپرسی**

خوێندکاری ئازیز:

ئەم فۆرمەی لەبەردەستی تۆی بەڕێزدایە،کۆمەڵە پرسیارێك لەخۆدەگرێت بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بەناونیشانی(**بۆچونی خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی سەبارەت بە ڕۆڵی پرۆگرامی خوێندن لە گەشەپێدانی پاڵنەری فێربون).** توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە ناوەندی شاری سیدصادق)،داواکارین لە بەڕێزتان هاوکارمان بن لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

تێبینی:

1.پێویست بە ناونوسین ناکات.

2.لەبەرامبەر هەر پرسیارێك تەنها یەكێك لە بژاردەكان كە بەسەرتاندا جێبەجێ دەبێت نیشانەی(✓)دابنێ.

م.ی.ڕێکەوت میرویس حسین، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان سیدصادق- بەشی جوگرافیا - زانکۆی سلێمانی
م.ی.ارام انور خورشید، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت – بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان – زانکۆی گەرمیان

یەکەم:زانیارییە گشتییەکان:

١.ڕەگەز: نێر(  )، مێ (  )

٢.بەش: وێژەیی (   )، زانستی (   )

**دووەم: زانیارییە تایبەتەکان:**

**یەکەم: پاڵنەرە ناوەکییەکان**

| ز | برگە | بەهەمیشەی | بەزۆری | هەندێ کات | بەکەمی | هیچ کاتێك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پرۆگرامی خوێندن پاڵنەرم دەبێت بۆ ئەوەی بە باشی کۆنترۆڵی مێشکم بکەم. | | | | | |
| 2 | کاتێک بابەتەکانی نێو بڕیارلێدراوی خوێندن پەیوەست و تەواوکەری یەکترن. | | | | | |
| 3 | کاتێک لە پرۆگرامەکان دا خواست و ویستی خوێندکاران لە بەرچاو گیرابێت. | | | | | |
| 4 | گرنگیدان بەپاراستنی ماف و کەسایەتی خوێندکار لەنێو پرۆگرامەکاندا پاڵنەرم بۆ فێربون زیاتر دەکات. | | | | | |
| 5 | یارمەتی دەرم دەبێت بۆ ئەوەی ڕۆڵی کارا بگێڕم لە نێو کۆمەڵگا. | | | | | |
| 6 | بۆ مامەڵەی دروست و گونجاو لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە و ستافی مامۆستایان و هاوڕێیان. | | | | | |
| 7 | هانمدەدات بۆ بەشداریکردن لە کار و چالاکیەکانی قوتابخانە. | | | | | |
| 8 | فێرمدەکات گرنگی بە پاك ڕاگرتنی ژینگەی پۆل و قوتابخانە بدەم. | | | | | |
| 9 | یارمەتیم دەدات کۆنترۆڵکردنی هەستەکانم بکەم. | | | | | |
| 10 | یارمەتیم دەدات بۆ دەربازبون لە دۆخە سترێسییەکان . | | | | | |
| 11 | کاتێک بیر لە بابەتێک دەکەمەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو. | | | | | |
| 12 | بۆ متمانەبەخۆبون و پشت بەستنم بەخود. | | | | | |
| 13 | بۆ خوێندنەوە و فێربونی بابەتی نوێ. | | | | | |
| 14 | بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانم. | | | | | |
| 15 | بۆ بەکارهێنانی زۆرترین وزە لەو بەشەی کە هەڵمبژاردوە. | | | | | |
| 16 | بۆ گرنگیدان بەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی وانەکانم. | | | | | |
| 17 | یارمەتیم دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ماڵەوە. | | | | | |

**دووەم: پاڵنەرە دەرەکییەکان**

| ز | برگە | بەهەمیشەی | بەزۆری | هەندێ | بەکەمی | هیچ |
|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | کات | | کاتێك |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پاڵنەرم بۆ فێربون زیاتر دەبێت کاتێک مامۆستاکان بەڕێگا و شێوازێکی گونجاو وانەدەڵێنەوە. | | | | | |
| 2 | کاتێک مامۆستاکان لەوانەکانیاندا پەیوەندی زارەکی و هۆیەکانی ڕونکردنەوەی و فێرکاری بەکاردەهێنن. | | | | | |
| 3 | بەکارهێنانی نوکتە و قسەی خۆش لەکاتی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکاندا لەلایەن مامۆستایانەوە. | | | | | |
| 4 | کاتێک مامۆستاکانم وانەکانم لا خۆشەویست دەکەن. | | | | | |
| 5 | کاتێك مامۆستاکانم بەدڵخۆشی و دۆستانە مامەڵەم لەگەڵ دەکەن. | | | | | |
| 6 | کاتێک هاوڕێکانم خولیای فێربونیان هەبێت. | | | | | |
| 7 | هاوڕێیەتیکردنی ئەو کەسانەی بەدوای زانیاری و فێربوندان. | | | | | |
| 8 | کاتێک پشتگیری و پشتیوانی خێزانەکەم بەدەستدێنم. | | | | | |
| 9 | کاتێک ئاسایش و ئارامی لە نێوان ئەندامانی خێزانەکەم بەدیدەکەم. | | | | | |
| 10 | کاتێک خێزانەکەم هانم دەدەن بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتنی گەورەتر. | | | | | |
| 11 | کاتێک بزانم دوای تەواوکردنی خوێندنەکەم لە جێگایەك دادەمەزرێم. | | | | | |
| 12 | کاتێک مامۆستایان خاوەنی زانیاری و شارەزایی پێویست بن لە پسپۆڕی و بوارەکەی خۆیاندا. | | | | | |
| 13 | ئاسانکارییەکانی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کوالیتی لە کتێبخانەی قوتابخانەکەم. | | | | | |
| 14 | کاتێک پۆلەکان لە ڕوی فیزیکییەوە گونجاون بۆ خوێندن و وانەوتنەوە. | | | | | |
| 15 | کاتێک هۆڵی تاقیکاری و کۆمپیوتەر لە قوتابخانەکەم دا هەبێت. | | | | | |
| 16 | کاتێک پۆلەکان ئامێری تەکنەلۆجیای فێرکاری و هۆیەکانی فێربونی تێدابێت. | | | | | |
| 17 | لەکاتی بەکارهێنانی لاپتۆپ و داتاشۆ لەلایەن مامۆستایانەوە. | | | | | |